رۆژدا:

# نوێکردنەوەی گۆرانییە کۆنەکان کارێکی ئاسان نییە



**ئاوڕێــــــە کردنی فۆلکلــۆرو گۆرانیی نوێ و موزیکی هاوچەرخ کارێکی زەحمەتە بەتایبەتی ئەگەر هونەرمەند بیەوێ ئەم کارەی لەســەر حیســابی هیچیان نەبێت و هەردووکیــان مافی تەواوی خۆیان پــێ بدرێت، خانمە هونەرمەندی باکــووری کوردســتان ڕۆژدا توانی زۆر ســەرکەوتووانە ئــەم کارە پیادە بکات و بەشــێوەیەکی هونەریــی زۆربــەرز گۆرانییەکــی هونەرمەندی نەمر (شــاکرۆ)ی تێکەڵ بە دەنگی خۆی و بە شــێوازێکی نوێ پێشکەش بە جەماوەر کرد.**

### عەشقی فۆلکلۆر

جگــە لە گۆرانی (ئای دل) کە یەکێکە لە گۆرانییە خۆش و دیارەکانی هونەرمەندی نەمر (شاکرۆ) و ڕۆژدا بە تێکەڵ کردنی و شێوازێکی نوێوە زۆر بە جوانی پێشکەشی جەماوەری کرد، ڕۆژدا چەندین گۆرانی دیکەی فۆلکۆری بە ستایلێکی نوێ پێشکەش کردووە لەگەڵ پاراستنی ڕۆحی هونەری کوردی،یەکێکی دیکە لەو گۆرانیانەی کە ڕۆژدا پێی ناســراوە گۆرانیی (لێ بووکێ) بووە،کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری باکووری کوردســتانە، ئەگەر بــە وردی گوێ لە گۆرانییەکە بگریــن دەبینین زوو چووە ناو جەماوەرەوە، هۆکاری ســەرەکیی ســەرکەوتنی ئەم گۆرانییە بۆ هۆنراوە و مۆسیقا بەهێزەکەی دەگەرێتەوە کە زۆر کاریگەر بوون لەســەر جەماوەر، هەروەها ڕۆژدا لــە چۆنییەتی ئەدا کردنی و شێوەی ئەداکەی سەرکەوتوو بووە.

گۆرانیی (لێ بووکێ) کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییە و تایبەت بە ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوەیە بەتایبەتی لە باکووری کوردســـتان، بەڵام ئەو ریتمە خێرایەی کە ڕۆژدا پێشکەشی کرد تامو چێژێکی زیاتری بە گۆرانییەکە بەخشی، هەروەها کلیپەکەش هۆکارێکی دیکەی ســەرکەوتنی گۆرانییەکە بوو و وێنەیەکی راســتەقینەی ئاهەنگی بووک گواســتنەوەی کوردی نیشانی جەمــاوەردا کە خۆی و کەلەپوورەکەی تێدا بدۆزێتەوە بەتایبەتی کلتووری ناوچەی ســەرحەد کە بەم شێوەیە بوو لە دێر زەمانەوە، ئەمەش وایکرد کە خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم گۆرانییە لەســەر زاریان بێت ئەگەرچی لە بنەڕەتدا گۆرانییەکە فۆلکلــۆرە، بەڵام ماندووبوونێکی زۆری هونەرمەندی پێوە دیارە بۆیە بەو شێوەیە کەوتە سەر زاری خەڵك.

ڕۆژدا ئاماژە بەوە دەکات کە سەر لە نوێ وتنەوە و دابەشکردنی کارێکی ئاسان نییە، چونکە گۆرانیی فۆلکلۆر موڵکی میللەتە و هــەر کەموکورییەکی تێدا بێت یان ناشــیرین بکرێت و مافی خۆی پێ نەدرێت ئەوا جەماوەر دێتە گۆ و قسەی خۆی دەکات و ڕەخنــە لە گۆرانیبێژەکە دەگرێت، لــەم بارەیەوە ڕۆژدا دەڵێت: گۆرانیی (ئای دل) یەکێك بــوو لەو گۆرانییانەی کە کاتێکی زۆری خــۆم بۆ تەرخان کرد و زۆریــش ماندووی کردم، چونکە کارێکی زۆر گەورە بوو و پێموابوو دەبێ بەشێوەیەکی وا دەربچێت کە مافی هونەرمەند و گۆرانییەکە وەك خۆی بدەم و گۆرانییەك پێشــکەش بکەم کە پێی سەربەرز بم و خزمەتێك بە گۆرانییەکە و هونــەری نەتەوەکەم بکەم، ئەمەش پێویســتی بە ماندوبوونێکــی زۆر هەبوو، لــە کۆتاییدا دوای ئەو ئەرکە زۆرەی کێشام گۆرانییەکی زۆر سەرکەوتوو بوو و جەماوەر پێشوازییان لێی کرد.



هەر ســەبارەت بەم گۆرانییە ڕۆژدا باس لەوە دەکات کە یەکێك بووە لە گۆرانییە خۆشــەکان و زۆریش حەزی کردووە پێشکەشــی بکات، ڕۆژدا بەمشــێوەیە وەسفی گۆرانییەکە دەکات: بە عەشــقەوە گۆرانییەکانی شاکرۆم وتەوە، ئەمــەش بۆ یەکەم جار بوو کــە ئافرەتێکی کورد گۆرانییەکانی شــاکرۆ بەو شێوەی من بڵێتەوە، بەڵکو هەر نەیانگوتووە. دیارە گۆرانییەکانی شــاکرۆ لە ئاســتێکی زۆر بەرزدان و بناغە و شــێوەی بەرهەمهێنانی و وتنیشیان بــۆ ئەوکاتیش جیاواز بوو، ئاواتی من ئــەوە بوو یەکەم جار گۆرانییەکی زەحمەتی یەکێك لە هونەرمەندە ڕەسەنەکانی کورد بڵێمەوە و کارێکی وا بکەم کە لاوەکانمان حەز و خۆشەویستییان بۆ هونەرمەنــدە نەمرەکان هەبێت و ئاشــنای هونەرەکەیان بن، چونکە ئەمانە دانەری بناغەی هونەری ڕەسەنی کوردین، بۆیە کاتێك گۆرانیەکەشــم بڵاوکردەوە هەســتم کرد کە پیر و لاوەکان وەك یەك حەز لە بیســتنی ئەم گۆرانییــە دەکەن، جگە لەمانە ڕۆژدا چەندین گۆرانیی دیکەی فۆلکلۆری گوتووە و بەردەوام ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانیش بەم گۆرانییە ڕەسەنانە دەڕازێنێتەوە وەك ( غەزال، ئای لێ گدێی، ئەســمەر ئەمان، ئای دلبەر) و چەندانی دیکە.

ڕۆژدا پێیوایە کە بە ئاوڕدانەوەی زیاتر لە هونەر و هونەرمەندان جا لە هەر بوارێك بێت، مۆســیقا، شانۆ، سینەما، شێوەکار واتە بەشــێوەیەکی گشتی پێشــدەکەوێت، و ئەو قۆناغەی ئێستای کــورد بەقۆناغێکی تایبەت دادەنێت کە جیاوازە لە قۆناغەکانی ســاڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، و ڕایوایە کە لەم سی ســاڵەی ڕابردوودا هونەری کوردی پێشڤەچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها هونەرمەندانی ســاڵانی پێشووتریش بە ئەنجامدەر و خولقێنەری داهێنان و پێشــکەوتن وەسف دەکات بەگوێرەی ئەو قۆناغە زەمەنییەی کە تێیدا ژیاون و دڵنیایە کە لە داوڕۆژیشدا هونەرمەندانی دیکە دێن و ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵ دەدەن بۆ پێشخســتنی هونەری کــوردی بە گوێرەی توانای خۆیان، بەڵام هەر گۆڕانکاری و پێشکەوتنێك لە هونەردا پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی هەیە و لە پێش ئەمەش پێویستی بە ماندوو بوون و ئەرکی زیاتری هونەرمەندان هەیە، لە هەمــان کاتدا نابێ ئەوەش لە بیر خۆیان ببەنەوە کە هەر پێشــکەوتنێك ڕوودەدات نابێ لەسەر حیسابی ڕەسەنایەتی هونــەری کوردی بێت، بەڵکو دەبــێ هونەری کوردی بە ڕەسەنایەتی خۆیەوە پێشکەوێت.



### ڕۆژدای ئەکتەر

جگە لە گۆرانیی گوتن، ڕۆژدا وەك ئەکتەری شــانۆش لەبواری هونەردا خزمەت دەکات، لەم بارەیەوە بەر لە ماوەیەك بەشــداریی لە شــانۆگەریی (هاملێت) کرد کــە بە زمانی کوردی لە ئەڵمانیا و لەتورکیا پێشکەش کرا، ئەمەش نیشانەی لێهاتوویی ڕۆژدا و دڵســۆزیی بۆ هونەر و میللەتەکەی نیشان دەدات.



# تایلۆر ڕێگا دەدات تێکستی گۆرانی لەسەر ژیانی بنووسن

بە پشت بەستن بە پرەنسیپی یەکسانی، خانمە ئەکتەری بەریتانی تایلۆر سویفت بە گۆڤاری (InStyle)ی ڕاگەیاند ڕازییە هاوڕێیەکانی گۆرانییەکانی لەسەر ژیانی و هاوڕێیەتیان بنووسن.

تایلۆر ڕایگەیاند ئەو کەسانەی رۆژێك لە رۆژان پێوەندی خۆشەویستییان لەگەڵی هەبووە لەوانە جۆن مایەر و تایلۆر لۆرتنر و جۆ جۆناس، بۆیان هەیە لە تێکستی گۆرانییەکانیاندا ئاماژە بەو خۆشەویستییە بکەن، چونکە ئەویش لە نووسینەوەی کارەکانیدا ئاماژە بەو پێوەندییانە دەکات، سویفت هەروەها دەڵێت: ئەگەر من بتوانم تێکستی گۆرانییەك بنووسم دەربارەی پێوەندییەکانم لەگەڵ ئەو کەسانەی خۆشمویستوون، ئەوانیش دەتوانن هەمان کار بکەن و هیچ گلەییشم لەسەری نابێت لەبەر ئەوەی نادادپەروەرییە ڕێگا بە خۆم بدەم و بە کەسانی دیکەی نەدەم یان تەنیا من لە لایەنی خۆمەوە ئەم پێوەندییە ئاشکرا بکەم و خەڵك لە زاری منەوە بیزانن.

# ڕاشیل: ناشیرینی هۆلیۆدم و شانازیش دەکەم

خانمە ئەکتەری هۆڵیۆد ڕاشیل وایز دانی بەوە نا کە لە سەرەتای چوونی بۆ هۆڵیۆد هەستی بەوە دەکرد کە زۆر ناشیرینە و بە نهێنی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی وەك کچەکانی دیکەی هۆڵیۆد کێشی لەشی کەم بکاتەوە، ئەمەش تا ڕاددەیەك زەحمەت بوو.

ڕاشیل دەڵێ: ئێستا ئەم دیدەم گۆڕاوە، هەست ناکەم لە ژیاندا شتێکم لە دەستدا بێت لە هەمان کاتدا زۆریش شانازی بەخۆم و ئەو ئاستەی ئێستامەوە دەکەم، هەرچەندە ئەو کات لەبەر ئەوەی لەشم وەك ئافرەتانی دیکە ئاسایی نەبوو بۆیە نەمتوانی وەك هەر ئافرەتێکی دیکە کێشی لەشم دابەزێنم.

ڕاشیل دووپاتیکردەوە کە هیچ کاتێك بێ بڕوا نەبووم بەخۆم یان بێ ئومێد بم لەوە کە لەگەڵ کەسایەتیی خۆم نەگونجێم، هەروەها هیچ کەسێك نییە کاریگەریی لەسەرژیانم هەبێت و لێم تێك بدات، ئێستا لە نیویۆرك دەژیم و زۆریش دڵخۆشم، چونکە من نامەوێ ببم بە یەکێك لە کەسایەتییە هونەرییە ناودارەکان تەنیا دەمەوێ ئەکتەر بم و هیچی تر.



# کیت و هاوسەرەکەی هەمان جلیان پۆشی



وەك زۆر جــاری دیکە لە وێســـتگەی فڕۆکەخانەی ئۆکلاندی نێودەوڵەتی هەریەکە لە کیت وینسلتی ئەکتەری ناوداری بەریتانی و نید رۆکنرۆلی هاوسەری لە چاوەڕوانی هاتنی فڕۆکەدا بینران.

کیت و هاوســـەرەکەی وەك ئـــەوەی وا ڕێککەوت بن ئەم جارەیان جیاواز بوون، چونکە جلوبەرگی هەردووکیان تا ڕاددەیەکی زۆر وەك یەك و لە هەمان مارکە بوو ئەمەش بووە مایەی سەرنجی ئەوانەی بینییـــان، هەردووکیان چاکەتیان خۆڵەمێشـــی و پانتۆڵی جێنزیان پۆشی بوو و هەردووکیان جانتایەکی ڕەشیان لە پشت بوو.

ســـەرەڕای ئەمەش چەند شـــتێکی جیاواز هەبوو کە هەستی پێدەکرا وەك ئـــەو چاویلکەیەی کە کیت لـــە چاوی بوو، بەڵام نیـــد چاویلکەی جیاواز بوو، لەگەڵ چەند جیاوازییەکی دیکەی بچـــووك، ئەوەی زیاتـــر ئامادەبووان هەســـتیان پێکرد ئەوەی کە هەمیشـــە کیت بە جوانترین شـــێوە دەردەکەوێت، بەڵام ئەمجارەیان زۆر ســـادە بوو، هەروەها سەرەڕای ئەوەی زۆر گەڕان، بەڵام هیچیان نەکرێ.



# لێی ناترسێ، بەڵام خۆشی ناوێ

کچە گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی دۆللی شـــاهین ڕایگەیاند ئێســـتا خەریکی تۆمارکردنی چەند ئەڵقەیەکی بەرنامەی (مین بیقول الحق)ە کە بەرنامەیەکی نوێیە و بەر لە ٤ ساڵ لەلایەن ئەمیر کەرار پێشکەش کراوە و ئێستا دووبارە دەستپێدەکاتەوە.

دۆللی لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری «نادین» گوتی : من بە هیچ شێوەیەك لە سیاسەت ناترسێم، بەڵکو خۆشم ناوێ و نامەوێ ناوم لە هەواڵەکان هەڵقورتێنن وەك ئەوەی پێشتر هەندێك کەس کردیان، هەروەها ئەوەش ڕەت دەکەمەوە کە لە چوارچێوەی هونەرمەندە حزبییەکان پۆلێن بکرێم، چونکە من کچێکی لوبنانیم و ڕێگا بە خۆم نادەم دەست بخەمە نێو سیاسەتەوەوە لە وڵاتی میسر، بەڵکو هەموو ئاواتم ئەوەیە ئەم وڵاتە پێشبکەوێت و خەڵکەکەی بە کامەرانی و خۆشگوزەرانی بژی، چونکە ئەم وڵاتە زۆری پێشکەش بە من کردووە هەر بۆیەش ئاهەنگێکی تایبەتم ساز کرد بۆ دووبارە هاندانی گەشتوگوزار لەم وڵاتە خۆشەویستە.

ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# زانکۆ

(١)



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەو ڕۆژانەی قوتابی ئامادەیی وێژەیی بووم، وا ڕێکەوت و بەدەستی خۆم نەبوو، بەرپرســیاریەتییەکی گرانم لە ئەستۆنرابوو، جگە لەوەی، سەرێك و هەزار سەودام هەبوو، ئەوە ئەدەب و هونەریشی سەربارەیان، ڕۆژانێکی چڕ و پڕی خەســت تەنراوە، بە جەنجاڵی و هەزار و یەك ئاوات، لە ڕۆژێکدا تەنها ئاواز و باس و خواسی مەرگ و کوردستان وێرانکردن، هەر چۆن سەر دەمانێك (سالم) وتەنی:

*ســاعقە و بەرقی نەدامەت زوڵمەتی دا شــەرق و غەرب*
*بــەردە بارانــە بەمەخسوســی لەســەر موڵکــی بەبان*
*چــاوی عیبرەت هەڵبرە ئەی دڵ لــە وەزعی دەهری دوون*
*ســەیرکە سا تورکی دەلەك چی کرد بە زومرەی کورد زیان*

ئەو ساڵانەش هەمان کوێرەوەری و خاکەساری و کوردستان وێرانکردن نوێ بوویەوە و، بەخراپترین شــێوە، ئەوســا عوسمانی و، ئەمجارەش بەغداد، بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەبوو، ئەوســا کۆتایی ئیمارەت، بەڵام ئەمجارە شۆڕشی مان یان نەمان، جەربەزە و چەك و چیا.

بەهەر حاڵ ئامادەییم تەواو کرد و، بەرامبەر چەند ڕیانێك بوومەوە، دیارە لــەو تەمەنە گەنجێتییەدا، پلە و پایە و دەســەڵات، ئایندەی بریقــەدار، پتر ســەرنج ڕادەکێشــێ و ، هەتا بڵێــی مایەی خەیاڵ پڵاوییە.

حەز دەکرا ببمە ئەفسەر، یان ماف بخوێنم و ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە پارێزەرێکی زرنگ و بە دەم وپل.

ئەو خــەون و خەیاڵانەم، لە مێشــکم تەکان و دامــن بەدەم باوە و، دڵەڕاوکــێ و هەلوور بلووری بەختم ناوەلاوە و، هونەری شــانۆم هەڵبژارد وکردمە ڕاستەڕێی ژیانم و گشت تەمەنم خەڵات کرد.

لەگەڵ دەستەیەك لە دەرچووانی ئامادەیی (فۆرم)مان پڕ کردەوە و پێشکەشمان کرد، لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بوو، وادەی ئەوەهات بۆ دیمانــە و تاقیکردنەوە بەرەو بەغدا بچیــن، بە دڵێکی پڕ لەجۆش و خرۆشەوە سواری پاص بووین، هەر چۆن بۆ سەیرانی سەرسیر دەچین، جارو باریش بە قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ و ناو بەناو گۆرانیمان دەوت(ئەمبەرە و بەرە ناسکە دولبەرە، لەسەر ماچێکت شەڕە خەنجەرە)، دەمە و ئێوارە گەیشــتینە بەغداد و، لە حەیدەرخانە لە ئوتێلێکی نەك چوار ئەســتێرە، بەڵکو چوار پەنجایی دابەزین، گەرمای بەغداد هەر لە گوڕ و تیندابوو، تەنها یەك هەوا ساردکەرەوەی تیادابوو، ئەویش لە هۆڵی پێشوازیدابوو، هێشتا وەکو شەقامی (ڕەشید) هەر جمەی دەهات، هەر زوو باسی گیرفان بڕەکانیان بۆ کردبووین و چاوێکمان کردبوو بە هەزار چاو، بۆ ئەوەی لە یەکدی دابڕ نەبین، هەروەك (حافز قورئان) دەستی یەکترمان گرتبوو، عەرەبانەیە شووتی قاشکراوی سەرسەهۆڵ نراومــان بینی وتم: کوڕینە با دەروونمــان فێنێك بکەینەوە، کەوتینە شووتی خواردن، ئەوشــەوە هەتا ئەو سەری شەقامەکەمان تەی کرد و، درەنگ وەختانێ بە کەنەفتی و شەکەتی گەڕاینەوە ئوتێلەکەمان و، چووینە سەربان ڕیزێ قەرەوێڵەمان داگیرکرد و، دوایی وتم: ئەرێ کوڕینە کەسێ لە ئێوە(عیلم و خەبەری) لەوەی بەیانی نییە ؟

کەس وەڵامی نەبوو، وتم: دیمانەمان لەگەڵ دەکرێ، بەڵام دیمانەکە چــۆن و چییە، وتیان بابە خوا کەریمــە، دەی با بخەوین، تا بەیانی خوا دەمێنێ و موڵکی.. بەیانی دەبێ زووهەڵســین، بەیانی هەر کە بانگی فەرموو، هەر دەتگووت بڵندگۆی مزگەوتی حەیدەرخانە، کە چەند مەتریك لێمانەوە دووربوور جگە لە ژمارەیە مزگەوتی دیکە لەو ناوچەیە، نەك هەر بە ئاگای هێنایین، بەڵکو ڕاچڵەکینێ ڕایچڵەکانین، کــە بەخۆمانەوە نەماندیبــوو، جگە لەوەی مێش بــە گیزە گیزەوە کەپرۆکەیان لەســەر رووما‌ن هەڵبەستبوو، هەر زوو ڕامانکردە خوارەوە، دەستو دەموچاومان شــت و، بەرامبەر ئوتێلەکە چەند چێشتخانەیەك هەبوو، چووین و داوای نسکێنەمان کرد، تومەس شاگردەکەی کوردبوو، کەوتینە قسەکردن و، ئەویش کوردایەتی خۆی نواند، بۆ هەر یەکەمان جووتێ باڵە مریشکی هاویشتبووە ناو نسکێنەکەمان، ئێمەش کردمانە تێوشــین، یان بڵێین تریت، پاشان سەروچای شــیرینمان بەسەرا کرد ویەکی پەنجا فلسمان دا، ئیدی کۆلێجەکەش لە(مەیدان)ەو، هەر بەو ڕاستەڕێیەی بەر وەزارەتی بەرگریدا ڕادەبوورد بۆ (وەزیرییە) بەرامبەر کۆشــکی شاهانەبوو، تەنیشــت پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەپێ ڕێگاکەمان بڕی، خانوویەکی دوو نهۆمی کۆنی کلاســیك شــێوەی بەخشــت دروســتکراوی نهۆم نهۆمی بوو، چووینە ژوورەوە هۆڵەکە پڕبوو لەوانەی وەکو ئێمە و بۆ هەمان مەبەســت هاتبوون، واژە واژو هەرایەك بوو هەر مەپرســە هەمووان بەیەکدا دەهاتن و دەچوون، هەر چۆن فەقێیان لە هەیوانی مزگەوتاندا دەور دەکەنەوە، لە سووچێکەوە تەختە ڕەشــێکی وانە خوێندن لەسەر ئەسکەملێك دانرابوو، بە تەباشیر پێداویستییەکانی دیمانەکەی لەسەر دیاری کرابوو:

١- بینراوێکی ئەفراندنی بێ دەنگ (پانتۆمایم).
٢- بینراوێکی شانۆیی.
٣- چامە شیعرییەك.

بە حەپاسەنەوەی سەیری یەکتریمان کرد، بەدبەختی ئێمە لەوەدابوو، کەســێك بەر لە ئێمە نەچوو بووە ئەو ئاکادیمیایە، هەتا پرســێکی لێ بکەیــن، ژمارەیەك دەرچووی پەیمانگــەی هونەرە جوانەکانی بەغدادمان هەبوو، کە پاش شۆڕشــی چواردەی گەلاوێژ بوو بوونە قوتابی پەیمانگە، لەوانەبوون، کەلەســەردەمی پاشــایەتیدا، لەبەر چالاکی سیاســیان لە خوێندن دەرکرابوون و پاشان کرابوون بە سەرباز لە(شــوعێبە) وتاك و تەرایەکیش هەبوون، کە زۆربەیان نەك شــانۆ، لقەکانی دیکەیان خوێندبوو، هەروەها لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشــی مەزنی ئەیلوولــدا دەنگ و ڕەنگی هونەری شــانۆ کپ کرا، ئەو ڕۆژە ڕووبەڕووی حاڵەتێکی سەیر بووین، یەك ڕۆژی دۆش دامان و دەستە کۆڵەیی نەبوو، دەسبەجێ بیرم لەو سێ داواکارییەی لیژنەی تاقیکردنەوەکە کــردەوە، یەکەمیان بۆ بێ دەنگەکە، ئەو بینراوەم بە بیر داهات، بەیانییە و چاوم خەواڵوە و هێشــتاوەکو خەو بەرینەداوم، لەبەردەم دەستشــۆرەکەدا وەســتاوم و لە ئاوێنەکەوە لەســەر و چاوم دەڕوانم، بەلوعەکە دەکەمەوە و، دوو ســێ شڵپ ئاو بە دەمووچاوما دەکەم و پاشــان ســابوونەکە لە دەمووچاوم دەســووم، سابوونەکە لە دەســتم دەخزێ و بە چاوی نوقاوەوە لە ژێر دەستشــۆرەکەدا، دەست بە زەویەکەدا دەگێڕم هەتا دەیبینمەوە، لەســەر بەرزکردنەوەدا ســەرم لــە ژێر دەستشــۆرەکە دەداو زامدار دەبێ و خوێنــی لێ دێ، بۆ داواکاری دووەم، لەسەر داستانی (مەم زین) ی (خانی) گیرسامەوە، چونکە ڕۆژانێك پەرۆشــی ئەو شــاکارەبووم، چ بــە کرمانجاییە ژوورووەکەی و چ بە سۆرانی کردنەکەی (هەژار) و پاشان وەرگێڕانە عەرەبییەکەی (محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتی) کە بە دڵ کردویەتی بە عەرەبی، هەروەها ئەو کورتە شــانۆییە شیعرییەی (پیرەمێرد)... لە نیو کاتژمێرێکدا، لە زەینمدا تاووتۆم کرد، وابزانم شــتێکی پوختم لــێ گەلاڵە کرد، جگە لــەوەی لە توانامدا هەبوو، باســی خان و نهێنییەکانی ئەو شاکارەی بکەم.

بــۆ داواکاریی ســێیەمان، لــە ئەدەبیاتی عەرەبی ســەردەمی (جاهیلی) گەلێك بەیتم لە چامە هەڵواسراوەکەی (ئیمروئو القیسی ئیبن ئەلحەجەر)، کە بەنموونەی باڵای ئەدەبی ئەو سەردەمەی بەر لە ئیسلام دەهێنرێتەوە کە بەم بەیتە دەستپێدەکات:

(قفا نبكي من ذكرى حبيب و منزل)
(بسقط اللوى بين الدخول فحومل)

ناویان خوێندمەوە و لە دڵی خۆمدا (رب اشرح لي صدري)م وێردکردەوە و چوومە ژووری دیمانەوە......

ئەوسا عوسمانی و، ئەمجارەش بەغداد، بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەبوو، ئەوسا کۆتایی ئیمارەت، بەڵام ئەمجارە شۆڕشی مان یان نەمان، جەربەزە و چەك و چیا

حەز دەکرا ببمە ئەفسەر، یان ماف بخوێنم و ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە پارێزەرێکی زرنگ و بە دەم وپل، ئەو خەون و خەیاڵانە، لە مێشکم تەکان و دامن بەدەم باوە و، دڵەڕاوکێ و هەلوور بلووری بەختم ناوەلاوە و، هونەری شانۆم هەڵبژارد وکردمە ڕاستەڕێی ژیانم و گشت تەمەنم خەڵات کرد